# ئەگەر مهاباد قەرەداغی بوبوایە وەزیر ئەو قسانەی نەدەکرد



**هێمن عومەر**

من لە ژیانمدا تەنها جارێك مهاباد قەرەداغیم بینیوە ئەویش بە قسەکردن نا بەڵکو هەر بینین ، ئەوەندەی ناسیبێتیشم بەهۆی نوسینەکانیەوە بوەو زۆر بەی جارو ئەمجارەشیان هاو ڕام لەسەر ئەو بابەتەی بلأوی کردوەتەوە بەناوی ئەوەی کە لە کوردستان و عێراق چ ژنێك دەبێتە ئەندام پەرلەمان و وەزیر ؟

نوسینی من بۆ ئەو بابەتە پەیوەندی بە خاتوو مهاباتەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بەو شێوە بێدەنگیەیە کە پارتەکان لە ڕێگای بە حیزبی کردنی کەسایەتەکانەوە دەیگرنە بەر و هەرکاتێك کە لایەکیان لێ داخستن لەو کەسایەتیانە ئەوە دوبارە وەك وجاران بەئاگادێنەوە تاوەك و دەسەڵات لەبیری ئەوەدا ببێتەوە کە ئەوان پێشوتر بێ دەنگ نەبوون .

ئەو نوسینەی مهاباد خانیش هەمان ئەو دەرکەوتە گوتارەیە کە دەسەڵات دەخاتەوە مەترسی ئەوەی کە ئەگەر بێت و ڕێو شوێن و وەرگرتنی پۆستەکانم بۆ خۆش نەکەیت ئەوە دەبمەوە مهاباد قەرەداغیەکەی جاران و ئەمجارەیان تا لە حکومەتەکەتدا کار بۆ یەکسانی و مافەکانی ئافرەت بکەم و بێ دەنگ لەبەرامبەر خراپەکانت ڕادەوەستم ئەوە دەست دەکەمەوە بەوەی کە دەمنوسی و لەجیاتی دەرخستنی خاڵە پۆزەتیڤەکانت هات و هاواری خراپیەکانت دەکەمە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەتەکەت .

هەر بۆیەش ئەگەر من لەگەڵ تەواوی نوسینەکەی خاتوو مهاباد هاوڕام و هەر 10 لاپەڕەکەیم بەوردی خوێندەوە بەلأم هەر لەسەرەتای وتارەکەیەوە ئەو ڕاستیەم دەزانی کە مهاباد خان نەك لە پێناوی سك ئێشان بۆ ئافرەتان و کێشەی ئافرەتان ئەوەی نوسیوە بەڵکو دیارو بەرچاوە ئەو نوسینە بەدوای ئەوەدا نوسراوە کاتێك بەڵێنێکت پێ دەدەن و بۆت جێ بەجێ ناکەن لە شوێنی بەڵێنەکەش خانمێکت بۆ قوت دەکەنەوە .

ئەگەر بێت و مهاباد خانم بەو شێوەیەی کە ئێستا لەناو حکومەت و حیزبدایە نەبینیبوایەو دڵنیابومایە ئەو چاوەڕی پۆست ناکات و خەمخۆری کێشەکانی ئەو میللەتەیە نەك خۆی ئەوە هەزار جار دەموت دەستت خۆش ئەوەی نوسیوتە سەد لەسەد ڕاستە بەلأم لەو نوسینە پڕ حەماسەتدا زۆر بەجوانی ئەو ڕاستیە بەدەر دەکەوێت کە لە چاوەڕوانی وەزیریدا نەبویت بەوەزیر

و وەك و مەلاكانت لێ هاتوە كە دەڵێن بە عەمەلم مەكەن بە قسەم بكەن ئەو نوسینانەی تۆش هەمان ئەو واتایە دەبەخشێ و ئەگەر خوا عومرمان بدات لەو حكومەتەی بێت بەڵێنی خاوەن شكۆ جێ بەجێ دەبێت دڵنیام ئەوكات زۆر بێ دەنگانە لێ دادەنیشیت و ئاوها كورەی ئاگر ناخت ناگرێت و مافی ئافرەتیش هێندە بە قورسی وەرناگریت .